مەسرور بارزانی بە بۆنەی جەژنی هەستانەوە پیرۆزبایی لە کریستیانەکان دەکات



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی جەژنی هەستانەوە پیرۆزبایی لە کریستیانەکان دەکات و هیوا دەخوازێت هەر لە خۆشی و شادیدا جەژن بەسەر ببەن.

شەممە 19ـی نیسانی 2025، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە بۆنەی جەژنی هەستانەوە، لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە کریستیانەکانی عێراق و جیهان کرد.

لە پەیامەکەدا هاتووە، "ئومێدەوارم لە خۆشی و شادیدا، جەژن بەسەر ببەن و ئەم بۆنە پیرۆزە، ببێتە مایەی سەقامگیربوونی ئاشتی و ئارامیی و بەهێزتربوونی بنەماکانی بەیەکەوژیان و تێبایی و خۆشویستی لە نێوان گشت پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان."